# پشتیوانی تۆ تەنها دەنگی خەڵکی کوردستانەلەپارلەمانی ئایندەی عێراقدا .




لەگەڵ ڕوخانی قەڵای دیکتاتۆریەت وزۆرداری وهاتنەکایەی سیستمی دیموکراسی لەعێراقدا ، سەردەمی خۆسە پاندن بەهێزی چەك وزۆرەملێ وتاك ڕەوی حیزبایەتی بەسەرچو ، سیستمی دیموکرسی پارلەمانی وفرەحیزبی جێگەی گرتۆتەوە ، پێویستەئیتربەعەقڵی سەردەم وشارستانیانەمامەڵەلەگەڵ ڕوداوەکانی داهاتوبکەین ، ئەمرۆئیترهەرحیزب ولایەنێکی سیاسی تەنهالەڕێگای ســــندوقەکانی دەنگدانەووبەدەنگی خەڵك ئەتوانێت دەسەلات بۆخۆی مسوەگەربکات ، هەرحیزب و لایەنێکیش کەبیەوێت لەململانەی سیاسیدا بیباتەوە دەبێ بەخزمەتی هەرچی زیاتر ڕەزامەندی جەماوەری بەرفراوانی خەڵك بۆخۆی بەدەست بێنێت .

تۆکەئەتەوێت سەرجەم خەڵکی کوردستان دەنگت پێ بدات بۆئەوەی کورسی زیاتربەدەست بهێنیت لەپارلەمانی عێراقدا ، پێویستە تۆش مەسئولانەوبەئەمانەتەوە ڕێزلەدەنگی ئەوخەڵکەبگریت وخەبات وتێکۆشانی تۆش بۆبەرگری وداکۆکی لەبەرژەوەندەیەگشتی یەکانی ولات وڕێکخستنەوەویەکخستنەوەی ڕاستەقینەەی هەردوئیدارەکەوناوماڵی خەڵکی کورد بێت دورلەبەرژەوەندی تەسکی حیزبی وشەخسی ، پێویستەئیترپەندوتاقی کردنەوەت لەئەزمونی تاڵی ڕابوردو وەرگرتبێت وبەرپرسیاری تۆش لەبەرامبەرئەوئەمانەتەی کەپێت دراوەلەئاست ئاوات وئامانجەکانی کۆمەلانی خەڵك دابێت وبەیەك چاوسەیری هەموخەڵکی کوردستان بکەیت و جیاوازی لەنێوان کەسێکی حیزبی غەیرە عیزبی دانەکەیت .
من لێرەدا هەوڵ ئەدەم زۆربەکورتی دەست نیشانی هەندێ لەوکەموکوڕیانەبکەم کەبەدەرەجەی یەکەم بونەتەهۆی ناعەدالەتی کۆمەلایەتی ونیگەرانی خەڵکی کوردستان و ئاستەنگ لەبەردەم بەدیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا .

سیانزەساڵەهەموسەرچاوەکانی کەسب وکەسابەت وژیانی خەڵکی کوردستان خراوەتەتورەکەیەك ولەکۆڵی حیزبەکان پێچراوە ، خەڵکی کوردستان بەناچاری یان دەبوایە چەکتان بۆهەڵ بگرێت ولەسەنگەری شەڕی ناوخۆدا پارێزگاری لەدەسەلاتی ناشەرعیتان بکات وەیان ببێتەئەندام وهەوادارتان بۆئەوەی ژیانێکی مەمرەومەژی بۆخۆیی وماڵ ومنداڵی مسوەگەربکات ، کارگەیشتبۆبەوڕادەیە تەنانەت چایخانەیەك کەدەخل ودەرامەتی ڕۆژانەی لە 200 دینار تێ پەڕی بایە ، قۆرغ دەکرابۆبەرپرسێکی حیزبی .

سیانزە ساڵەزوربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان پشتی لەبن باری گرانی ونەداری ئابلۆقەی ئابوری داچەمابۆوە وکەلوپەلی ناوماڵی ئەفرۆشت بۆبەڕێ کردنی ژیانی ڕۆژانە ، ئێوەش بەتەسکیەی حیزبی کارتان ئەدابەخەڵك لەفەرمانگەکانی حکومیدا ، هەرکەسێك ئەندام وهەواداری ئێوەنەبوایەنەك هەروەك مرۆڤێك مافی ژیانێکی ئاسایی نەبو بەڵکو تەنهالەبەر ئەوەی کەبێ لایەن بو وەیان لەحیزبێکی ترداکاری ئەکرد بەتابوری پێنجەم ناوزەدئەکرا وڕاپێچی زیەدانەکان ئەکرا وەیان بەهۆی شەڕی ناوخۆ و نەبونی ئەمنیەت وئارامی ناچارئەکرائەو ولاتەبەجێ بهێڵێت ، لەئەنجامی ئەم سیاسەتەنادروست وئەم ناعەدالەتیەبەهەزاران لەخەڵکی کوردستان ڕێگای ئاوارەیی ودەربەدەری گرتەبەر .

سیانزە ساڵەسەروەت وسامانی ئەم ولاتە لەنێوان خۆتاندا دابەش ئەکەن وزوربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردسستانی لێ بێ بەش ئەکەن ، بەسەدان هەزاران هێکتار زەوی لەموڵکی گشتی وەیان لەخەڵکی تر داگیرئەکەن ودابەشی ئەکەن بەسەر ئەندام وهەوادارانی خۆتانداوناوی لێ ئەنێن مەکرەمەی حیزبی ولەم ڕێگایەوە ئەندام گیری بۆخۆتان ئەکەن ودڵی ئەندام وهەوادارەکانتان بەم شێوەیە لەخۆتان ڕازی ئەکەن وبەرپرســـــــانیشتان بازارگەرمی وتیجارەتی پێوەئەکەن ولەسەرحسابی خەڵکی کوردستان گیرفانی خۆتانی لێ پڕئەکەن ومەسئولیەت لەکوردسستان بۆتەگەورەترین پرۆژەی بازرگانی .

سیانزەساڵە تۆباس لەدیموکراسی ئەکەیت ، لەهەڵسو کەوتی ڕۆژانەوپراکتیکیشدا هەمیشەلەدژی ئەوەستیتەوە ، یەکێك لەمانا هەرە گرنگەکانی چەمکی دیموکراسی لەکۆمەڵگای پێشکەوتوو و شارستانیدا ، مەسەلەی هەڵبژاردنی ئازادانەوقبولٚ کردنی دەرئەنجامەکانیەتی ، بەلام تۆ دوو مانگ بەرلەهەڵبژاردن

کورسیەکانی پارلەمانی کوردستانت لەنێوان خۆتاندابەشێوەیەکی یەکسان دابەش کردوە ، ئایەئەمەمانای ئەوەنیە کە تۆ دیموکراسی وئەنجامەکانی هەڵبژاردنت قبوڵ نیە ؟؟ ئایەئەوە بێ ئیحترامی نیە بەهەست ونەست وبەدەنگی خەڵکی کوردستان ؟ .

سیانزەساڵە تۆباس لە سەروەری یاساومافەکانی مرۆڤ ئەکەیت ، بەڵام زیندانەتاریك و تەك سلولی وئینفرادیەکانت پڕیەتی لە کەسانی سیاسی بەبڕیاری حیزبی وشەخسی ودورلەچاوی دادگا ، زیندانەئینفرادی وناشەرعیەکانت بونەتە دادگای سەحرایی وپاسەوانەکان بونەتە{دادوەر} وماف ودەسەڵاتی هەڵواسین وئەشکەنجەدان وتەنانەت کوشتنیشیان پێدراوە ، ئایەئەوە پێشێلکردنی سەرەتایی ترین مافەکانی مرۆڤ وبێ ئیحترامی نیە بەسەروەری یاسا ؟ بەکام یاساخەڵك بۆماوەی ساڵ ودوو ساڵ ئەخەنەزیندانەوە بەبێ ئەوەی چاوی بەدادگابکەوێت ؟ .